# بۆنی نەوت

زاهیر باهیر- لەندەن

بەشی چوارەم

| |
|---|
| خوێن و نەوت (Blood and Oil)<br>نووسینی: مایکڵ کلەیر Michael Klare<br>لە بڵاوەکراوەکانی : Penguin Group<br>چاپی یەکەم، ئەمریکا، 2004 |

کلەیر، زۆر بە جوانی نەوت و سەرچاوە سروشتییە نایابەکانی دیکەی یا بە گشتی ئابووری گرێداوەتەوە بە جەنگی گەورە و درێژخایەن هەرچەندە زۆربەیان لە لایەن میدیای جیهانییەوە بە تایبەتی ئەمەریکا و وڵاتانی ڕۆژاواوە بەرگی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییان بەبەردا کراوە. بۆ نموونە کە مەسەلەی چێچنیا بە مەسەلەی تێکەڵەی مەزهەبی و نەتەوەیی لەقەڵەم دراوە، بەڵام شوێنگەی سیاسی و جوگرافی گرۆزنی(Grozny) سەرەکییە بۆ پاڵاوتنی نەوتی خاو و خاڵێکی گرنگیشە بۆ لوولەکانی نەوت و گاز، کە ئەم وزەیە بە زەریای قەزویندا دەگوێزرێتەوە بۆ ڕووسیا و ئۆکرانیا و ئەوروپای ڕۆژهەڵات، کەواتە چۆن ڕێگە دەدرێ بە چێچنیا، کە ببێتە بنکەیەک، کە لەوێوە کاری تێکدەرانە بکرێ یا نەخشە لە دژی لوولەکان داڕێژرێت.

بێگومان سەردەمی پێش هەڵوەشاندنەوەی سۆڤییێت ئەم گیروگرفتە لە گۆڕێدا نەبووە، چونکە سەرجەمی نەوتی قەزوین لە نێوان ڕووسیا و ئێراندا دابەش بووبوو، بەڵام دوای هەڵوەشاندنەوەی سۆڤییێت لە ساڵی 1990دا، ئازەربایجان و کازاخستان و تورکمەنستانیش بەشی خۆیان ویست. بەڕای کلەیر، هیچ کام لەم وڵاتانە، کە ئەمەریکا لە دەرهێنان و ناردنی نەوتدا، هیوای پێ بەستوون، ناتوانرێ گەرەنتی ئاشتی و سەقامگیری بدرێت. ڕەنگە بەیەکدادانەکان لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر، ئەهوەنتر یا کەمتر و بچووکتر دەرکەون، بەڵام لە مەودایەکی دووروردرێژدا زەقتر و تیژتر دەبنەوە تا دەگەنە ڕادەی تەقینەوە بۆیە بەڕای ئەو نەوت و تێپەڕینی لە کەنداوی عەربی یا فارسییەوە و لەو لووڵانەوە بۆ ئەمەریکا و وڵاتانی تری جیهان، سەلامەتی تێدا نییە.

ئەمەریکا، سەبارەت بە نەوت، لەگەڵ وڵاتانی سەر زەریای قەزویندا، لە پەیوەندییەکی نوێدا بوو، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بیڵ کلنتن. کلنتن بە ئاشکرا باسی لە داخوازی نەوت و پەیوەندی نزیکی لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا دەکرد، بۆیە لە ئابی 1997دا لە کۆشکی سپی، لە بینینی سەرۆکی ئازەربایجان، حەیدەر عەلییێڤدا وتی:"لە جیهانێکدا کە داخوازی نەوت لە زیادیدا بێت، نەتەوەی ئێمە ناتوانیت لە وەدەستهێنانی نەوتدا پشت بە یەک ناوچە ببەستێت"، لە سەر ئەمە ڕۆیشت و وتی:"نەخشەی ئێمە بۆ گەشەکردن و یارمەتیدانی ئازەربایجان، یارمەتیدانێتی لە دەرهینانی ئەو نەوتە یەدەکەیدا، بەمە نەک هەر یارمەتی ئازەربایجان دەدەین لە نەشونماکردنیدا، بەڵکو یارمەتی خۆیشمان دەدەین لە پەلوپۆکوتاندا بۆ وەدەستهێنانی وزە، بۆ بەهێزکردنی ئاساییشی نەتەوەییمان(ل133). هەرچەندە کلنتن لە دواییدا دیژکەمی لەم قسەیە کرد لەبەردەم نوور سوڵتانی سەرۆکی کازاخستاندا و سەپەرموراتی نیازۆڤی، سەرۆکی تورکمانستان. کلنتن لەو لاشەوە لەگەڵ ئەفغانستان و لەگەڵ تالیباندا تا ساڵی 2001 واتە تا دەوروتەسلیمی ئیدارەی ئەمەریکی کرد بە بووش، لە وتووێژدا بوو.

ئەم پەیوەندییە کە جۆرج بووشیش هاتە سەر کار، گرنگیی پێدرا و بگرە لە هەندێ ڕوویشەوە چووە پێشەوە. بۆ نموونە لەگەڵ جۆرجیادا. ئەوە بوو لە ساڵی 2003دا ئەمەریکا 64 میلیۆن دۆلاری دا بە جۆرجیا و 150 کەسی پسپۆری بواری لەشکریشی نارد تاکو مەشق بە هەندێک لە سەربازانی جۆرجیا بکەن. لە ساڵی 2003دا ئەم کردەیەیان درێژکردەوە بە سەرفکردنی 11 میلیۆن دۆلاری تر تاکو 400 کەس مەشق پێ بکرێن، ئەمانەش ناوی"بەتالیۆنی پاراستنی لوولە نەوتەکان"یان لێ نرا، کە ئەمەش لە سەر بڕیاری شەفەردنازە بوو، تاکو ببێتە پاسەوانی لوولەکانی BTC ، لە سنووری جۆرجیادا(باکۆ-تبلیس-جەیهان). کاتێکیش کە شەفەردنازە لە دەسەڵات لابرا، بووش بەپەلە کەوتە ئەوە کە جێگرەکەی لایەنگری خۆیان و ڕۆژاوا بێت. ڕامس فیڵدیش لەو کاتەدا لە تبلیس لەگەڵ Nino Burd Zhonodze کە بە شێوەیەکی کاتیی سەرۆککۆمار بوو، کۆبووەوە و گوتی:"لە پشتگریکردن و یارمەتیدانی جۆرجیا لە بنیاتنانی ئاشتی و ئاسایش و سەربەخۆیی و یەکگرتوویدا، دڵنیاتان دەکەینەوە"ل138.

بە سەرنجدانی ئەوەی پێشتر نووسراوە بەڕوونی ئەوە دەردەکەوێت، کە ئەمەریکا جگە لەوەی کە دەبێ نەوت بە خوێن بکڕێت، دیسانەوە دەبێ بودجەیەکی گەلێ گەورە بۆ ئەو نەخشەیەش تەرخان بکات. تەنیا یەک نموونەی بچووکی وەک ڕاگرتن و بەردەوامبوونی لەشکرەکەی لە عیراق و کەنداو و وڵاتانی سەر زەریای قەزوین و کۆڵۆمبیا ساڵانە زیاتر لە 150 ملیار دۆلاری تێدەچێت. بۆیە کلەیر ڕای وایە کە ئەمەریکا دەبێ چارەیەکی تر بدۆزێتەوە بۆ لابەلاکردنەوەی قەیرانی نەوت بۆیە بەشی کۆتایی کتێبەکەی لە ژێر ناونیشانی لە پاشکۆیییەوە بۆ ئۆتۆنۆمی و تێکەڵاوی و گونجاندن و سەروەری(From Dependency to Autonomy and Integrity)بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە تەرخان کردووە.

ئۆتۆنۆمی: بەلای کلەیرەوە دەکاتە پشتبەخۆبەستن، سەربەستی و ئازادی لەو کاروبارانەی کە ئەمەریکا دەیەوێت ئەنجامی بدات. ئەمەش مانای ئەوە نییە کە دەبێ ئەمەریکا وەرگرتنی نەوت یەکسەر ڕاگرێت بەڵکو پێویستی بەوە هەیە کە دەبێ ئەوەندە بەهێز بێت کە ئیدی هیچ مەرجێک جا لە شێوەی دیپلۆماسییدا یا پابەندبوون بە پاراستنی ئاسایشی دەوڵەتانی خاوەن نەوتەوە بێت، قەبووڵ نەکات.

Integrity : مەبەستی کلەیر لەمە، هەیبەت و شەهامەت و کەسایەتی ئەمەریکایە، کە دەبێ خاوەنی پرنسیپەکانی خۆی بیت تا بتوانێت سەبارەت بە سیاسەتی وزە، کە لەگەڵ شتە بنەڕەتی و بەهادارەکانی ئەمەریکادا بێتەوە و لە مەودایەکی دووردا لە بەرژەوەندەکانی ئەمەریکادا ڕەنگ بداتەوە، بڕیاری خۆی بدات. بۆ ئەمەش ئەمەریکا پێویستی بەوە هەیە کە هەموو پابەندبوونێک کە لە پێناوی نەوتدا بەستراوە و کە چاوپۆشیکردنە لە مافی مرۆڤ و بەرگریکردنە لێی، هەڵوەشێنێتەوە. ئەمەش بەندە بەو بڕیارە گرنگانەی سەبارەت بە ستراتیژییەتی وزەی نەتەوەیی دەدرێن و بە وتووێژەکان و ناوەڕۆکەکانیانەوە کە دەبێ ئاشکرا بن و بزانرێت ئایا لە بەرژەوەندی ئەمەرەیکادان یا نە، نەک وەک ئەو سیاسەتەی کە لە لایەن بووش و چێنییەوە نەخشەی بۆ کێشرا. هەروەهاIntegrity یانی ڕێزگرتن لە ژینگە و ئەوەی کە وەچەی ئێستا و داهاتوو پێویستییان پێیەتی.

دواتر کلەیر دەڵێ:"بۆ وەدەستهێنانی ئەوانە پێویستمان بەوە هەیە کە پێداگرین لە سەر سێ مەسەلەی گرنگ:

1. تەلاق دان یا جیاکردنەوەی سیاسەتی کڕینی وزەمان لە پابەندبوونمان بە دەستەبەرکردنی ئاساییشی وڵاتانی خاوەن نەوت.
2. کەمکردنەوەی پشتبەستنمان بە هاوردنی نەوت.
3. ئامادەبوون بۆ حەتمییەتی گواستنەوەمان لە قۆناخی نەوتەوە بۆ قۆناخی پاش نەوت."
پێویستە ئەمەریکا پابەندبوونی خۆی، کە لە پێناوی دەستپێڕاگەیشتن و دەستبەسەرداڕۆیشتنی نەوت هەیەتی، لە یارمەتی دیپلۆماسی و لەشکری ئەو وڵاتانەدا، هەڵوەشێنێتەوە. بەڕای کلەیر، دەبێ بنکە سەربازییەکان لە سعوودییە و وڵاتانی کەنداو و عیراق و ئۆزبەکستان و کیرگیستان هەڵوەشێنێتەوە و پاشەکشە بە هێزەکانی بکات. هەروەها پێوەندی لەگەڵ ئازەربایجان، کازاخستان و جۆرجیادا دەبێ پێوەندێکی دیپلۆماسییانەی دوور لە بەرژەوەندی نەوت بێت. بەڕای کلەیر مەرج نییە ئەمەریکا ئەمانە لە ماوەی ڕۆژ و دوو ڕۆژدا بکات، بەڵکو بۆ نموونە لە مەسەلەی سعوودییەدا دەتوانێت ئەمە لە دوو ساڵەوە بۆ سێ ساڵ بکات و لە هەمان کاتیشدا هانیان بدات کە خۆیان لە نێوان خۆیاندا پابەند بن بەو بەرەیەوە کە دروستیان کردووە تاکو یارمەتی یەکتر بدەن.

کلەیر ڕای وایە کە جیاکردنەوەی نەوت لە سیاسەتی دەرەوە نەک ئیدی چیتر قوربانیدانی سەربازی ئەمەریکی بۆ خاتری نەوت پێویست نابێت بەڵکو ئەمەریکا لەو کاتەدا دەتوانێت بە ملیار دۆلار پاشەکەوت بکات، چونکە وا خەملێنراوە بۆ هاوردنی نەوت لە نێوان ساڵانی 2001 و 2025 دا، ئەمەریکا 3.5 تریلیۆن دۆلاری دەوێت، لە کاتێکدا ناتەواوی بودجەی بازرگانی لە ئاستێکی وەستاودا نییە. سەرفکردنی پارە بەم شێوەیە گورزێکی بنەڕەتی لە ئابووری ئەمەریکا دەدا. ئەم پارەیە لە پێداویستی هاووڵاتانیدا بەکار بهێنرێت. لەو لاشەوە ڕق و کینەی خەڵک دژی ئەمەریکا، کە دەبینن ئەمەریکا چیتر پارێزگاری لە ڕەوتاری نامرۆڤانەی خاوەن نەوت ناکات، دادەمرکێتەوە. کلەیر ڕای وایە کە ئەمە مەسەلەیەکی گرنگی مۆراڵییە، چونکە بەستنی پێوەندی گەرموگوڕ و داپۆشین یا بەرگریکردن لە سیاسەتی نامرۆڤانەی هەریەکە لە وڵاتانی وەک سعوودییە، عومان، قەتەر، ئازەربایجان، کازاخستان و ئۆزبەکستان یانی بەرگریکردن لە دڕەندەترین و گەندەڵترین ڕێژیم.

کەمکردنەوەی پاشکۆیی بۆ نەوتی هاوردە: کلەیر پێیوایە ئەمەش هەنگاوی داهاتووە. بۆ ئەمەش مەبەست ئەوە نییە کە هەموو نەوتێکی هاوردە بوەستێنرێ، بەڵام گرنگە لە ساڵی 2010دا لە کێشەی گیرۆدەیی ڕزگار بن. بەمەش ئیتر ئاساییشی ئەمەریکا نابەسترێت بە سعوودییەوە و بە واتایەکی تر ئەمەریکا نەکەوێتە بەر ڕەحمەتی سعوودییە. کلەیر کە باس لەمانە دەکات مەبەستی ئەوە نییە، ئەمەریکا لەبری نەوتی هاوردەدا خۆی نەوتێکی زۆر دەربهێنێت، چونکە ئەمە نە چارەیە و نەدەشتوانرێ تا سەر بەردەوام بێت، بەڵکو دەبێت پشتبەستن بە نەوت کەم بکرێتەوە بۆیە گەر بتوانرێ لە ساڵی 2010دا ڕادەی بەکارهێنانی نەوت کەم بکرێتەوە بۆ ڕادەی ساڵی 1990. بەمە نزیکەی 7.2 ملیۆن بەرمیل نەوت دەکات لە ڕۆژێکدا کە بەمەش یانی 90 ملیار دۆلار لە ساڵێکدا دەگێڕدرێتەوە، کە ئەمەش گەر نرخی بەرمیلی نەوت لە 35 دۆلار زیاتر نەبێت، خۆ ئەگەر ئەم نرخە بچێتە سەرەوە ئەوە زیاتر پارە پاشەکەوت دەکرێت. هەر بەم کارەش پارێزگاری لە ژینگە دەکرێت کە 174 ملیۆن مەتر شەشپاڵوو دووەم ئۆکسیدی کاربۆن لە باری ژینگە کەم دەبیتەوە.

ئامادەبوون بۆ حەتمییەتی گوستنەوە لە قۆناخی نەوتەوە بۆ قۆناخی پاش نەوت. کلەیر لەم خاڵەدا پێ لە سەر ئەوە دادەگرێت، کە دەبێ کار بۆ ئەوە بکرێت کە دەوڵەت بودجەیەکی گەورە دابنێت بۆ پەیداکردنی وزە لە سەرچاوەیەک یا سەرچاوەگەلێکی تر وەک هایدرۆجین، با، هەتاو یا Ethanol . ئەمە تەنیا چارەیەکە، چونکە ئەمەریکییەکان دەزانن کە وابەستەیی ئەوان بە نەوتەوە وابەستەییانە بە وڵاتانی خاوەن نەوتەوە. وابەستەییشیان بە وڵاتانای خاوەن نەوتەوە ئاساییشی ئەمەریکا لەژێر ڕەحمەتی ئەواندا دەبێت، بۆیە دەبێ هەنگاوی تازە بنێن بۆ وەستاندنی نەوتی هاوردە یا بە گشتی پشتبەستن بە نەوت لە هەموو شتێکدا.

کلەیر لەبەر ئەوەی دەزانێت کە بڕێکی گەورەی وزە بۆ پەیداکردنی گەرمی لە ماڵ و دەرەوەی ماڵ و هەروەها لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی گواستنەوەدا جا ئیدی ئەو ئامرازی گواستنەوانە سەر بە دەوڵەت بن یا هی خەڵکی و کۆمپانیا تایبەتییەکان بن، بەکار دەهێنرێت، بۆیە پێیوایە نەک هەر دۆزینەوەی ئەو وزەیە گرنگە بەڵکو دەبێ سەرتاپای سیستمی گواستنەوەی وزەی ئێستا بگۆڕێت، چونکە وزەی نوێ یا وزەی جێگری نەوت ناتوانرێت بەو سیستمە کۆنەدا بگوێزرێتەوە بەڵکو سیستمێکی تازەی پێویستە. کلەیر ئەوە تێدەگات کە سەرچاوەی نوێ لە دانی وزەدا هەم گرانە و هەم گیروگرفتی خۆی هەیە بۆ نموونە: هایدرۆجین زۆر گران دەکەوێت، چونکە هایدرۆجین وەک سەرچاوەی نەوت لە سروشتدا نییە بەڵکو دەبێ لە خەڵووز و ئاوەوە پەیدا بکرێت. بەکارهێنانی سەرچاوەی با بێ کێشە نییە، چونکە پێویستی بە بایەکی بەهێز و بەردەوام هەیە، بۆیە ئەمە دەتوانرێ تەنیا لە باکووری ئەمەریکا دروست بکرێت، لەوێش خەڵکێکی کەم دەژین و نێوەندی پیشەسازییش نییە. سەرچاوەی هەتاویش پارەیەکی زۆری دەوێ. سەرچاوەی خەڵووزیش خراپە و دەبێتە هۆی دەراندنی $CO_2$ یەکی زۆر. (کۆتایی)

************************************************************

1- کلەیر پڕۆفیسۆرێکی (ئەمریکی)یە لە Northampton, Massachussetts دەژی ئەم کتێبانەی نووسیوە:

Rogue States and Nuclear Outlaws

Low Intensity Warfare and Resource Wars

1- Freedom Next Time , John Pilger, ل2

2- لەنگەرگەیەکی (ئەمەریکی)یە کە لە جەنگی جیهانی دووهەم دا ژاپۆن لێیدا.